سەماحەتی حەکیم پێشوازی لە دکتۆر بەرهەم ساڵح دەکات و پێشهاتە سیاسییەکانی لێگۆڕ تاوتوێ دەکات



بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆککۆماری پێشوو کەوت و لەم دیدارە بیروڕا سەبارەت بە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێکرا، هەروەها هەردوو لا ستایشی ئەو هەوڵانەیان کرد کە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ئەو سەقامگیرییەی ئێستا هەیە بەدی بێت لەووکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەوە، هەروەها داوای کرد کە ئەو هەکارانە زیاتر پاڵپشت بکرێن کە بوونەتە هۆی سەقامگیری و کار لەسەر ئەوەش بکرێت کە ئەوە ببێتە سەقامگیرییەکی هەمیشەیی.

سەبارەت بە دەسەی پەیوەندی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم، سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە دەستوور پەیڕەوی بکرێت بە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسەردراوەکان و هەروەها ستایشی ئەو لێك تێگەیشتنانەی کرد کە بووە هەکاری ئەوەی بەیاری خشتەی بودجە بدرێت و قەیرانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمیش چارەسەر بکات.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر بەردەوام بوونی کرانەوەی عێراق بەووی وڵاتانی عەرەبی و هەرەمی و نێودەوڵەتی ، گوتیشی ئەو ئەزموونە سەلماندی کە ناوچەکە پێویستی بە سەقامگیری عێراق هەیە وەك پێشینەیەك بە سەقامگیرییەکەی و داواشی کرد ئەو گفتوگۆیە بەردەوام بێت بە پاراستنی بەرژەوەندییەکان و بە ئەوەی وڵاتان بتوانن چێژ لە خێرات و سامانەکانیان ببینن.